# بەئاسایشیکردنی پرسێکی نا-ئاسایشی: مەترسییە شاراوەکەی تەندروستیی هەرێمی کوردستان

29-03-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : سەرەتا پێویستە بڵێم کە بەرگری لە دیسکۆرسی هەردوو بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لە وتاروگوتارەکانیاندا بەوپەڕی رێز و هەست بەبەرپرسیارێتی و تەنانەت دڵسۆزییەوە هەڵوێست و روانگەی خۆیان دەربڕیوە.

**د. پەروێز رەحیم قادر /دکتۆرا لە ئاسایشی نەتەوەیی |**

سەرەتا پێویستە بڵێم کە بەرگری لە دیسکۆرسی هەردوو بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لە وتاروگوتارەکانیاندا بەوپەڕی رێز و هەست بەبەرپرسیارێتی و تەنانەت دڵسۆزییەوە هەڵوێست و روانگەی خۆیان دەربڕیوە. لەوانەیە جێگەی پرسیار و سەرسووڕمان بێت کە ئەمە چ پێوەندییەکی بە ناونیشانی وتارەکەوە هەیە، بەڵام لەراستیدا ناوەڕۆك و گەهەری بابەتەکە هەر ئەم رەستەیەی پێشووە.

لەماوەی رابردوودا پەیام و وتەکانی بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سۆشیالمیدیا، رووبەڕووی رەخنەی توندی هەندێ کەس و لایەن بووەوە. کرۆکی رەخنەکەش بریتیبوو لەوەی کە بەرێزیان بۆ "تکا" دەکات و لە وشەی "تکایە" کەڵك وەردەگرێت؟ لەکاتێکدا پێویستە بەتوندی و بەهێزەوە (تۆ بیخوێنەوە بە سەربازی یاخود توندوتیژییەوە!) رووبەڕووی هەڵگرانی نەخۆشییەکە و ئەم نەخۆشییە ببێتەوە. پێویستە لەبیرمان نەچێت ساکارترین و ساناترین کار بۆ حکومەت بەوپێیەی کە قۆرخی دەسەڵاتی بەکارهێنانی هێزی لایە(دادگا، سوپا و پۆلیس و ئاسایش و یاسا و راگەیاندن و پەروەردە و...)، بەکارهێنانی توندوتیژییە بە هەردووجۆری سیمبۆلی و کردەیی و رەقەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو کەس و لایەنانە(بە مەبەست یاخود بەبێ مەبەست) خەریکە هانی دەسەڵاتداران دەدەن کە پرسێکی مرۆیی-تەندروستی "بە-ئاسایشی" بکەن.

راستە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەهۆی پەتای کۆڤید-19ەوە کەوتۆتە مەترسیی و پێویستی بە رێوشوێنی توندی تەندرووستی و تەنانەت سیاسی هەیە، بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە کە خودی نەخۆش و نەخۆشییەکەش پرسێکی ئاسایشییە. چونکە ئەگەر ئەم تێڕوانین و روانگەیەمان هەبێت، بێگومان تیۆری پیلانگێری(conspiracy theory) دەبێتە چوارچێوەی شرۆڤە و تێگەیشتنمان و بەم پێیەش سیاسەت و رێوشوێنە تەندروستی و ئابووری و سیاسی و زانستە سرووشتی و پزشکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشییەوە دەکەوێتە ناو دۆخێکی نارِوون، پشێوی و تەنانەت قەیراناوی و بێمتمانەییەوە.

ئەمەش کەمترین لێکەوتە و دەرهاوێشتەی ئەوەیە کە لەلایەك دەسەڵات هاندەدات بەتوندوتیژییەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیان بکات و لە داهاتوودا ئەگەری زۆرە کە ئەم سیاسەت و تێڕوانین و رێوشوێنە بۆ هەموو و پرسەکانی دیکەش جێگیر بێت، لەلایەکی تریشەوە وادەکات "نەخۆش و نەخۆشی" وەکوو "تاوانکار و تاوان" سەیر بکرێن. لێرەدا مەبەستی سەرەکی من بڕگەی دووەمی ئەرگیۆمێنتەکەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، هەر بابەت و پرسێك بۆ ئەوەی بە-ئاسایشی بکرێت پێویستە سەرەتا بە گوتار یاخود لە دیسکۆرسی دەسەڵات/بەرپرساندا وەکوو هەڕەشە و مەترسییەکی هەنووکەیی بۆ هەموو تاکەکان/کۆمەڵگە/دەوڵەت بناسرێت و پێناسە بکرێت. هەر بابەت و پرسێکی ئاسایشییش دەکەوێتە سەرووی پرسە ئاسایی و یاسایی و تەنانەت سیاسییەکانەوە، بۆیە لێرەوە بکەر/خوڵقێنەری رووداو یاخود پرسە ئاسایشییەکە وەکوو تاوانکار و پرسە ئاسایشییەکەش وەکوو هەڕەشە/تاوان دەناسرێت کە سزای قورسی یاسایی و تەنانەت ئەخلاقی هەیە. بۆیە بۆ بەئاسایشیکردنی پرسێك چی هەڕەشە و مەترسییەکان راستەقینە بێت یاخود نا، هەروەها رەوا بێت یاخود نارەوا، دەبێت لەرووی دیسکۆرس/گوتارییەوە قەناعەت بە هاوڵاتیان بکرێت کە ئەو پرس و بابەتەی کە مەبەستە، هەڕەشەیەکی جدی و راستەقینە و هەنووکەییە بۆسەر ژیان و بەرژەوەندییە مادی و نامادییەکانیان و پێویستە بە توندوتیژی و بەم پێیەش بەهێزەوە رووبەرووی ببینەوە. بۆ نموونە کردەوە تیرۆریستییەکان و سزای یاسایی و ئەخلاقی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان بۆ تیرۆریستان.

لە هەرێمی کوردستاندا دۆخەکە بەجۆرێکە کە هەڵگر و تووشبووی کۆڤید- 19 وەکوو تاوانبار سەیر بکرێت. هەر ئەمە رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایەی لە کوردستان تووشی گرفتی جیددی و ئالنگاری کردۆتەوە. ئەم گوتارە وایکردووە کە کەسەکان هەوڵی بەنهێنی هێشتنەوەی نەخۆشییەکە و شاردنەوەی بدەن و خۆیان بە دەزگا پەیوەندیدارەکان نەناسێنن. تەنانەت کەرەنتینکراو وەکوو دەستبەسەرکراو و کەرەنتین وەکوو بەندیخانە هەڵگری واتایەکی نەرێنییە. هەر بۆیە کارەساتەکە رێك لێرەدا بەرجەستە دەبێت و لێرەوە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسی و ئەمەش کەرتی تەندروستی کوردستان رووبەرووی مەترسی و قەیران دەکاتەوە و بەرەو داهاتوویەکی نادیار و تۆقێنەرمان دەبات.

لە کۆتاییدا واباشترە هەموومان پێکەوە هەوڵبدەین نەخۆش و ئەم نەخۆشییە لە چوارچێوەی بەئاسایشیکردن(تاوان و تاونکار) بهێنینە دەرەوە و بیگەڕێنینەوە چوارچێوە سروشتی و زانستییەکەی خۆی بۆ ئەوەی هەڵەیەکی "گوتاری" تووشی کارەسات و قەیرانێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتیمان نەکات. چونکە ئەگەر ئەم گوتارە بەم شێوەیە  بەردەوام بێت، لەوانەیە خودی منیش دوودڵ و دردۆنگ بم ئەگەر تووشی ئەم نەخۆشییە بم خۆم بناسێنم وەکوو نەخۆش و هەڵگری ڤایرۆسەکە!